KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

کومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

No: ژمارە: ٥٧٧٦

Date: 4 \11\ 2018

ڕێکەوت: ١٣ / گەلاڕێزان / ٢٧١٨ی کوردی

﴿ فەرمان ﴾

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بۆ ڕێگەگرتن لە زیادەڕۆییەکانی تایبەت بە مۆڵەتدان بە کردنەوەی (بەنزینخانە) لە شارو شارۆچکەکانی هەرێم و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ئەم کەرتە بە پێی پێویستی و بۆ سوود بەرژەوەندی هاوولاتیان و ئەو بازرگانانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن لە چوارچێوەی مەرج و میکانیزمێکی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری هەرێم، بۆئەوەی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو بازرگانان و پیشەوەرانی ئەم بوارە بڕەخسێندرێت و ڕێگە لە قۆرخکاری بگیرێت، بڕیارماندا بە:

١- بڕیاردانی کۆتایی لەسەر پێدانی مۆڵەت بە کردنەوەی بەنزینخانە لە سەرتاسەری هەرێم بەهەر جۆر و قەبارەیەك لە دەسەلاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بە ڕەچاوکردنی گشت یاساو ڕێنماییەکان.

٢- لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی نوێنەری هەر یەك لە (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە) مەرج و میکانیزمی یەکگرتوو تایبەت بەم بابەتە بەڕەچاوکردنی یاساو ڕێنماییەکان و بۆ سوودو بەرژەوەندی گشتی ئامادە دەکەن.

٣- هەمان لیژنەی سەرەوە پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ هەموو ئەو زیادەڕۆییانەی کراون دەخاتە بەردەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و بڕیاری گونجاویان لەبارەوە بدرێت.

٤- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حكومەتی هەرێمی كوردستان

سەرۆك وەزیران

No:

Date: \ \ 2018

ژمارە:

ڕێکەوت: / / ٢٧١٨ی کوردی

**<u>وێنەیەک بۆ:</u>**

- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی ناوخۆ/ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/ بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت وەزارەتەکان/ جگە لە وەزارەتەکانی سەرەوە بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا...
- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
- فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی.
- فەرمانگەی پلاندانان.
- فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان.
- فەرمانگەی یاسایی.

بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...

- گشت فەرمانگەو دەستەو ئەنجومەن و دەزگاکانی نەبەستراو بەوەزارەتەکان/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- پارێزگاو یەکە ئیدارییەکانی هەرێم/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.